# پەیوەندییەکانی چین-ئێران لەسەردەمی سیاسەتی چاکسازی وکرانەوە (١٩٧٨-١٩٩٢)

**م.ی.ئەیوب ظاهر توفیق***

وشە کلیلییەکان: چین، ئێران، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی چاکسازیی و کرانەوە.
https://doi.org/10.31271/jopss.10122

**پوختە**

ئێران و چین پەیوەندییەکی مێژوویی قووڵیان هەیە، مێژووی شەڕ و پێکدادانیان نییە و دووچاری ئەزموونی سەرکۆنەکاری نیوکۆلۆنیالیزم بوون. سیاسەتی چاکسازیی و کرانەوەی چین کە لە ساڵی ١٩٧٨ دەستپێکرد، وەرچەرخانێکی بەرچاوی لە پێشکەوتنی ئابووریی و دیپلۆماسی چیندا دروستکرد. لەم ماوەیەدا زنجیرەیەک چاکسازیی ئابووریی بە ئامانجی ئازادکردنی بازاڕەکەی و پەیوەندیکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی، لێکەوتەی دوور مەودای لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی چین هەبوو، لەوانەش پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ ئێران. بۆ تێگەیشتن لە سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان چین و ئێران و کاریگەریی سیاسەتی چاکسازیی و کرانەوەی چین لەسەر ئەو پەیوەندییانە، سوود لە میتۆدی شیکاریی و وەسفی وەرگیراوە. ئەم توێژینەوە دەیەوێت بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێت کە ئایا سروشتی پەیوەندیەکانی چین و ئێران لەسەردەمی ڕیفۆرم وکرانەوەدا چۆن بوون؟ ئەو پاڵنەرانە چین، کە وای کردووە هەردولا لەیەک نزیک بنەوە؟ ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی کاریگەریی سیاسەتی چاکسازیی و کرانەوەی چینە لە ساڵانی ١٩٧٨ بۆ ١٩٩٢ لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران. هەروەها پەیوەندییە سەرەکییەکان و ئاڵوگۆڕی ئابووریی و کولتوریی و تەکنۆلۆژی و پێشکەوتنە سیاسییەکان ڕووندەکاتەوە کە هۆکاری بەرەوپێشچونی هەردو وولاتن، هاوکات ئەو فاکتەرانە شیدەکاتەوە کە کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی نێوانیان هەبووە.

**ملخص**

**العلاقات الصينية الإيرانية خلال حقبة سياسة الإصلاح والانفتاح (١٩٧٨-١٩٩٢)**

تربط إيران والصين علاقات تاريخية عميقة؛ فلم يسبق بينهما أي حروب، وقد واجهتا إدانة الاستعمار الجديد. شكلت سياسة الإصلاح والانفتاح الصينية، التي بدأت عام ١٩٧٨، نقطة تحول في

* توێژەری دەرەکی، هەڵەبجە Ayubzahir9@gmail.com

التطور الاقتصادي والدبلوماسي للصين. خلال هذه الفترة، كان لسلسلة من الإصلاحات الاقتصادية التي هدفت إلى تحرير سوقها والانخراط مع المجتمع الدولي، عواقب بعيدة المدى على علاقات الصين الدولية، بما في ذلك علاقاتها الدبلوماسية مع إيران. لفهم طبيعة العلاقات الصينية الإيرانية وتأثير سياسات الإصلاح والانفتاح الصينية عليها، استُخدم في هذه الدراسة المنهجان التحليلي والوصفي. وتسعى الدراسة إلى الإجابة على تساؤلات منها: ما طبيعة العلاقات الصينية الإيرانية خلال فترة الإصلاح والانفتاح؟ ما هي الدوافع التي قرّبت الجانبين؟ وعليه تهدف الدراسة إلى بيان تأثير سياسات الإصلاح والانفتاح الصينية على علاقاتها مع إيران خلال الفترة من عام ١٩٧٨ إلى عام ١٩٩٢. كما ناقشت الدراسة أهم التطورات في العلاقات الاقتصادية والثقافية والتكنولوجية والسياسية التي تُفسر أسباب تطور كلا البلدين. كما تُحلل الدراسة العوامل التي أثرت على العلاقات الثنائية.

## Abstract

**China-Iran Relations during the Reform and Opening Up Policy (1978-1992)**

Iran and China have deep historical ties; no history of war and have experienced the condemnation of neo-colonialism. China's policy of reform and opening up, which began in 1978, marked a turning point in China's economic and diplomatic development. During this period, a series of economic reforms aimed at liberalizing its market and engaging with the international community, had far-reaching consequences for China’s international relations, including its diplomatic relations with Iran. To understand the nature of China-Iran relations and the impact of China's reform and opening policies on these relations, the analytical and descriptive methods are used. This study seeks to answer the question of what was the nature of China-Iran relations during the reform and opening up? What are the motives that have brought the two sides closer together? The aim of this study is to examine the impact of China's reform and opening-up policies on its relations with Iran from 1978 to 1992. They also discussed the main relations, economic, cultural, technological and political developments that explain the reasons for the development of both countries. It analyzes the factors that affected bilateral relations.

## دەستپێک:

سیاسەتی چاکسازیی و کرانەوە لە ساڵی ١٩٧٨ بە سەرکردایەتی دینگ شیاوپینگ ئاڕاستەی پێدرا، ئەم سیا سەتە وەرچەرخانێکی گرنگ بوو، ئامانجی مۆدێرنکردنی ئابووریی چین و هاندانی وەبەرهێنانی بیانی و بەرەودان بە هەماهەنگی نێودەوڵەتی بوو، کاریگەریی ئەم سیا سەتە لە سەر پەیوەندییەکانی چین و ئێران لە ساڵانی ١٩٧٨ بۆ ١٩٩٢ فرەڕە هەند بوو، کە لە داڕشتنی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانیان ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا.

لەڕووی مێژووییەوە، چین و ئێران پەیوەندییەکی دۆ ستانەیان هەبووە، بەڵام لە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی، گرژی و ناکۆکیان هەبوو. کە دواتر کۆتاییان پێهێنا. کاریگەرییە سەرەکییەکانی سیاسەتی چاکسازیی و کرانەوە لەسەر پەیوەندییەکانی چین و ئێران، زیادبوونی هاریکاریی ئابووریی نێوانیان بوو، ئەمەش دروستبوونی هاوپەیمانیی ستراتیژیی نێوان چین و ئێرانی سازاند، کە چین پشتیوانی سەربازیی و تەکنۆلۆژی بۆ ئێران دابینکرد. هەروەها ئاڵوگۆڕی کولتوریی و پەروەردەیی و پەیوەندییە سەربازیی و تەکنۆلۆژییەکان چڕبوونەوە. سەرەڕای جیاوازییە ئایدۆلۆژییەکان و گرژییە مێژووییەکان و فشارە دەرەکییەکان، چین و ئێران توانیان هاوبەشییەکی ستراتیژی درو ستبکەن کە بە بەرژەوەندی هاوبەش و ئامانجی هاوبەش بەڕێوەی دەبرد.

لەم سۆنگەیەوە توێژینەوەکە سروشتی پەیوەندیی و کایە هاوبەشەکانی نێوان چین و ئێران دەکاتە یەکێک لە پر سیارەکان، هەروەها دیاریکردنی پاڵنەرەکانی درو ستبوونی هاوبەشی و هاریکاریی نێوانیان و گرنگترین ڕێگریی و بەربە ستەکان و ئاکام و لێکەوتەکانی ئەو پەیوەندییانە وەک پرسیارەکانیتری توێژینەوە دیاریکردووە.

هەوڵدراوە پرسیارەکانی توێژینەوە دوای کنەو پشکنینی سەرچاوەکان بە زمانەکانی ئینگلیزیی و فارسی وەڵامبدرێنەوە، لەمیانەیدا میتۆدی شیکاریی و وەسفی بۆ توێژینەوەکە بەکارهێنراوە.

توێژینەوەکە لە پێشەکی و پێنج باس و ئەنجام پێکهاتووە، کە لەمیانەیاندا مێژووی پەیوەندییەکانی ئێران و چین بەر لە ساڵی ١٩٧٨ ئاماژەی بۆکراوە، پاشان دە ستپێکی سیا سەتی چاکسازیی و کرانەوەو پەیوەندییە سیا سیی و ئابووریی و تەکنۆلۆژیی و کولتوورییەکان ڕوونکراونەتەوە.

## باسی یەکەم:

## پوختەیەک لە مێژووی پەیوەندییەکانی ئێران-چین بەر لە ساڵی١٩٧٨:

پەیوەندییەکانی چین وئێران لە زنجیرەیەک بەریەککەوتن وکارلێکی ژیاریی ، کولتوریی ، سیاسی ، ئابووریی و بازرگانی نێوان چین وئێران پێکهاتووە، مێژووەکەی بۆزیاتر لە دوو هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە. لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئەشکانی ٢٤٧پ.ز-٢٢٤ز و سا سانی ٢٢٤ز-٦٥١ز ، پاشان لەسەردەمی ئیسلامی ومەغۆلی هەر بەردەوام بووە، لە سەردەمی سەفەوی ١٥٠١-١٧٣٦ گەیشتە لوتکە و پاشان لەسەردەمی قاجار ١٧٩٤-١٩٢٥ گەیشتە گرێدانی ڕێکەوتنامەی دولایەنە.ئەوبنەماڵە فەرمانڕەوا ئێرانییانە پەیوەندی هەمەچەشنیان لەگەڵ شانشینی هان ،تانگ ، سۆنگ ، یوان و مینگ و چینگ لەنێوان ساڵانی ٢٢٠پ.ز- ١٩١٢ز چین هەبووە(مەحمود،٢٠٢٣، ل٥٦).

دوای ڕووخانی قاجار لە سەردەمی پەهلەویشدا پەیوەندییەکان هەربەردەوامبوون.دوای دەستبەکاربونی محەمەد ڕەزا شا لە١٩٤١ ، بەرپرسیارێتی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێرانی لەچین پێسپێردرابوو.پاشان لە ١٩٤٤ حکومەتەکانی ئێران وچین بڕیاریاندا نوێنەرایەتییەکی سیا سیی دامەزرێنن، هەربۆیە لەوساڵەدا عەلی ناسر وەک یەکەم باڵیۆزی ئێران لەچین دە ستبەکاربوو، بەڵام لەگەڵ ڕوودانی شۆڕشی کۆمۆنیستی لەچین لە ١٩٤٩ پەیوەندییەکانی نێوان ئێران وچین پچڕا وتاران بەشوێن واشنگتۆندا، پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی تایوان گرێدا(مەحمود ،٢٠٢٣، ل٥٦-٥٧)

لە ساڵی ١٩٤٩ و گەیشتنی پارتی کۆمۆنیست بە دەسەڵات، هاوکاتی کودەتای ١٩٥٣ی ئێران بۆ لادانی محەمەد موسەددەقی سەرکردەی چاکسازیخواز-ناسیۆنالیستی و گەڕانەوەی شا بۆ دە سەڵاتی ئێران بوو(Dorraj and Currier, 2008, P68). بەگشتی لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو دووهۆکاری سەرەکی لە دژایەتیکردنی ئێران بۆ نزیکبونەوە لە چین هەبوون ؛ یەکەمیان ترسی ئێران لە بڵاوبونەوەی ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی و پشتیوانی سۆڤیێت و چین لە حزبی تودە، کە بەشێوەیەکی نافەرمی لە ئێران چالاکی دەکرد، دووەمیان؛ ئەمریکا وەک کاریگەرترین هێزی بیانی لە ئێراندا لە ساڵی ١٩٥٣ دژی مو سەددەق بەشداریکرد، دوای کودەتاکە ئێران بوو بە هاوپەیمانێکی ئەمریکا و لە دژی چین وەستاییەوە (Huwaidin, 2003, p153).

دوای تێکچونی پەیوەندییەکانی چین و سۆڤیەت، ساڵانی شە ستەکان پەیوەندییەکانی چین و ئێران گۆڕانکارییەکی بەرچاویان بەخۆوەبینی، چونکە چین بەدوای هاوپەیمانییەکی نوێ دەگەڕا تا ڕووبەڕووی هەژموونی ئەمریکا و سۆڤیەت ببێتەوە، شای ئێرانیش سیاسەتی (نەتەوەی سەربەخۆی) ڕاگەیاند، هەربۆیە تا ساڵی ١٩٦٥ ئێران لە نەتەوە یەکگرتوەکان دژی بە ئەندامبونی چین بوو ( Huwaidin, 2003,p154-155)، بەڵام چڕبوونەوەی هەڵمەتی دژە سۆڤیەتی لەلایەن چین و سەرکەوتنی ئیسرائیل بەسەر سوپای عەرەبی لە ١٩٦٧، پێگەی ستراتیژی ئێرانی لە ناوچەکە بەهێزتر کرد، هاوکات بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦٧ ئێران دانپێدانانی بە کۆماری گەلی چین ڕاگەیاند و لە ساڵی ١٩٦٩ پشتیوانی خۆی بۆ ئەندامێتی چین لە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاگەیاند ( Dorraj and Currier, 2008,P68).

ئەم گۆڕانکاریانە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرانبەر بە چین، هەوڵدانبوو کە ئێران ئا سانتر مانۆڕ لە نێوان هەردوو زلهێزەکەدا بکات، هەروەها ترسی ئێران لە چین لە پەیوەندییە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت بوو، لەبەرئەوەیە کە چینییەکان هاوپەیمانی خۆیان لەگەڵ سۆڤیەتەکان گۆڕی و هەڵمەتی پڕوپاگەندەی بەرفراوانی خۆیان لە دژی ئەوان دە ستپێکرد، ئێران لە مامەڵەکردن لەگەڵ چین هەستی بە ئاسایشێکی زۆرتر دەکرد (Huwaidin, 2003,p154 ).

لەساڵی ١٩٧١ ئەوەی ئێرانی دڵنیاتر و خۆشحاڵتر کرد، نزیکبونەوەی ئەمریکاو ووڵاتانی ڕۆژئاوا لە چین بوو. لە بەرانبەردا چین ئێرانی بە هاوبەشێکی گرنگی بازرگانی و دابینکاری ووزە دەبینی، لە ١٧ی ئابی ١٩٧١ ڕێکەوتنێکی هاوبەشیان واژۆکرد و پەیوەندییەکانیان بەتەواوی ئا سایی بوونەوە، هەر لەم ساڵەدا خوشکەکانی شا (شازادە ئەشرەف و فاتیمە) سەردانی چینیان کرد ( Dorraj and Currier, 2008, P68-69).

بەگشتی پەیوەندییەکانی چین- ئێران لەسەدەی بیستدا بەسەر سێ قۆناغدا دابەشدەبن: قۆناغی یەکەم لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٩ تاکۆتایی شە ستەکان درێژدەبێتەوە، ئەم قۆناغە شەڕی سارد بووە، ئێران لەژێر دەسەڵاتی محەمەد ڕەزا شا پەهلەوی بوو، سەر بە بلۆکی ڕۆژئاوا و دژ بە کۆمۆنیست بوو، هەروەها نوێنەری تایوانی بەنوێنەری گەلی چین دادەنا، ئەم قۆناغە گرژی لە پەیوەندییەکانیان هەبوو،

قۆناغی دووەم لەسەرەتای حەفتاکانەوە بەهۆی نزیکبونەوەی ئەمریکاو چین دەستپێدەکات، کە ڕێگەی خۆشکرد ئێرانیش پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین ئاسایی بکاتەوە، لە نیسانی ١٩٧١ ئەشرەف خانی پەهلەوی یەکەم سەردانی فەرمی بۆ پەکینی کرد ، کە لەو کاتەدا لە لایەن شۆڕشگێڕ و چەپەکانەوە، لە ئێران بە شێوەیەکی بەرفراوان ئیدانە کرا، ئەم سەردانە خاڵی وەرچەرخانی گرینگ لە پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردو ووڵات هەژمار دەکرێت،دوای ئەم سەردانە هەردو ووڵات پەیوەندییەکانیان دەستپێکرد ، سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی چین هواگۆفینگ لە ئابی ١٩٧٨ سەردانی تارانی کرد ، لە نێو هەڵچوونی شۆڕشگێڕانە لە وڵاتەکەدا، لەلایەن شای گەمارۆدراوەوە پێشوازی لێکرا بەڵام لەلایەن ئۆپۆز سیۆنەوە وەک کردەوەیەکی ناپاکی لەلایەن چینییە دژە ئیمپریالیستەکانەوە سەرکۆنەکرا بەڵام ڕووداوەکە کاریگەریەکی نەرێنی لە سەر دۆخی پەیوەندییەکانیان بەجێهێشت بەتایبەتی دوای چەند مانگێک لە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران(Shariatinia, no 4 (2011), pp58-59).

## باسی دووەم:

## پەیوەندییە سیاسیەکانی چین-ئێران ١٩٧٨-١٩٩٢:

لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دوو ڕووداوی گەورە وەرچەرخانی لە پەیوەندییەکانی چین و ئێراندا درو ستکرد، کە ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی و هاتنەکایەی سیستمی کۆماری ئیسلامی بوو، سیاسەتی دەرەوەی لەگەڵ ئەمریکا لە پەیوەندی دۆستانەی (ئێران – ئەمریکا) بۆ دوژمنکارانە گۆڕی،

هاوکـات چینـیش سیا سەتی کـرانەوەی بە ڕووی دەرەوەدا پەیڕەوکـرد و پەیوەنـدی ئێـران و چـین دروستبوو(شریعتی نیا، ١٣٩٩، ص١٠٢) .

قۆنـاغی ئا سایبکردنەوەی پەیوەنـدییەکان لەگەڵ شۆڕشـی گەلانـی ئێـران بـۆ دوای ١٩٧٩ دەگەڕێـتەوە، لە سەر بنەمـای (نە ڕۆژهەڵات نە ڕۆژئاوا) ئێـران گۆڕانکاریی بەرچاوی لە سیا سەتی ناوخۆو دەرەوە کرد( Shariatinia , 2011, pp59-60) .

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، چین حکومەتی نـوێی دانپێدانا و هیـوای خوا ست کە پەیوەندیی دۆستانەیان بەردەوام بێت، لەبەرانبەردا (هوا گووفێنـگ) داوای لێبـوردنی کـرد کە ساڵی ١٩٧٨ سەردانی ئێرانی کردووەو دژ بەشۆڕشگێران پشتیوانی شای کـردووە( Dorraj and Currier, 2008,P69).چـین هەر زوو ڕژێمـی نـوێی ئێرانـی بەفەرمـی نا ساند و بەرەنگـدانەوەی ویسـتی جەمـاوەریی گەلـی ئێرانـی لەقەڵەمـدا .ئەوەش بـووە هۆکـاری ڕەوینـەوەی خێـرای نیگەرانیەکـانی هەردوولا، لە ١٩٧٩ بەرپرسێکی پلەبەرزی ئیرانی بەناوی سەید جەعفەر خاتەمی سەردانی چینی کرد ، هەرچەندە خاتەمی ئامانجی مانەوەی بـۆ لێکۆڵینەوە لە بـارودۆخی ژیـانی دانیشـتوانی ئیسـلامی لەچین وێنا کرد، بەڵام بابەتە سیاسییەکانیش تاوتویکرابوون.خاتەمی لەگەڕانەوەی بۆ ئێـران ستایشـی پشتیوانی چینی بۆشۆڕشی ئێـران کـرد، دوابەدوای ئەم پەیوەنـدییە ، پەیوەنـدییەکانی چـین و ئێـران بەشێوەیەکی بەرچاو پتەوبوون.دانو ستانی ئا ستی بـاڵا لەنێـوان بەرپر سانی هەردولا گەلێـک زیـادی کرد(مەحمود، ٢٠٢٣، ل٥٨-٥٩)

(دینگ شیاوپینگ)یش پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتان و لەوانە ئێران برەوپێدا، گوتەکەی: "گرنگ نیە پشیلە ڕەش بێت یان سپی گرنـگ ئەوەیە ڕاوبکـات!"( پـورنجفی و شریعتـی ، ١٣٩٤، ص ١٥٠) ، ئاماژەبوو کە پەکین بە شـوێن خوا ست و بەرژەوەنـدییەکانی خـۆیەتی، جـگە لەوەش بە پـێچەوانەی حکومەتە کۆمۆنیستەکانی دیکەوە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابـردوودا زۆر زوو لە ڕیتمـی بـاوی جیهـانی تێگەیشتن و پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا پەرەپێدا (سلطانی و سلیمانی ، ، ١٣٩٣، ص٥٢) .

پەیوەندییەکانی نێوان چین و ئێران گەشەیانکرد، عەلی ئەکبەر ویلایاتی وەزیری دەرەوەی ئێران لە ساڵی ١٩٨٢ سەردانی چینی کردو و وەزیری دەرەوەی چینیش (وو شـوکیان) لە تشرـینی دووەمـی ١٩٨٣ سەردانی ئێرانـی کـردەوە، هەردوو سەردانەکە بـۆ فراوانکردنـی هاریکـارییە کولتـوری و ئابوورییەکانی نێوان هەردوو وڵات یارمەتیدەربوون، هەروەها شاندێکی چینی بە سەرۆکایەتی (ژانگ جینفو) ڕاوێژکاری دەوڵەتی چین لە شوبات تا ئازاری ١٩٨٥ سەردانی ئێرانیـان کـرد، سەرۆکی ئێـران سەید عەلی خامنەیی لە میـانەی کۆبـوونەوەی لەگەڵ شـاندەکە وتـی: "لە گەشـەپێدانی نیشـتمانیدا وڵاتانی جیهانی سێیەم ناتوانن چاوەڕوانی یارمەتی لە زلهێزەکان بکەن، بەڵکو تەنها بە پشتبە ستن بە یەکگرتوویی و هەماهەنگی لەنێوان خۆیانـدا دەتـوانن ئەنجامیبـدەن" (Huwaidin, 2003,p163 ).

هەردوولا لیژنەیەکی هاوبەشی وەزارەتیان بۆ هاریکاری ئابووریی و بازرگانی و زانست و تەکنۆلۆژیـا دامەزراند، پێکهێنانی لیژنەکە بناغەی هەماهەنگییەکی جێگیر و درێژخایەنی نێوان هەردوو وڵاتەکە بـوو. هەروەهـا لە مـانگی حوزەیرانـدا عەلـی ئەکـبەر هاشـمی ڕەفسـەنجانی سەرۆکی ئەنجـومەنی ڕاوێژکـاری ئیسـلامی ئێـران سەردانی چینـی کـرد، سەرۆک وەزیـران (ژاو زیانـگ) لە چاوپێکەوتنی

ڕەفسەنجانیدا وتی: دۆستایەتی و هاوکاری چین و ئێران لەسەر بنەمای سەربەخۆیی هاوبەش و دژە هەژموونی (ئەمریکاو سۆڤیێت)ە (Huwaidin, 2003,p163 ).گەلێک بەرژەوەندی سیا سی و ئابووریی هاندەری گەشەپێدانی پەیوەندییە دوقۆڵیەکانیانە.

لە ڕووی سیاسیەوە چینیەکان لە دوای ڕاگەیاندنی سیاسەتی کرانەوە، وازیان لە خۆبە ستنەوە بە ئایدۆلۆژیا و پاشکۆیەتی سۆڤیێت هێنا و بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان ڕوویان لە وڵاتانی دیکە کرد، هەرچەندە لە سەرەتادا ڕوویان لە ئەمریکا نەبوو، بەڵام ئێرانیان وەک یەکێک لە بژاردەکان بە گونجاو دەزانی(خانی و شیرزادی ، شمارە نهم، ص٢٢٢). بە تێپەڕینی کات ، دەرکەوت چین لەزۆر ڕووەوە هاوبەشێکی بیانی ئایدیاڵ بوو بۆ کۆماری ئیسلامی ، چونکە هەرگیز بە پێچەوانەی زلهێزەکانی دیکەی وەک ڕو سیاو بەریتانیا ، چاوی لە خاکی ئێران نەبووە، هەروەها ئامادەبووە تەکنەلۆژیای زانستی جۆراوجۆر بۆ ئێران دابین بکات لەکاتێکدا وڵاتانی دیکە ئەوئامادەییان نەبوو ، زیاد لەوەش ئامادەبوو کردەوە توندئاژۆکانی ئێران لە دەرەوەی وڵات وپێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەناوخۆدا پشتگوێ بخات(Harlod& Nader,2012,p3-4 )

چین کە ڕووبەرێکی فراوان و یەک لەسەر پێنجی دانیشتوانی جیهان بوو، جگە لەوەش خاوەنی مافی ڤیتۆ و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئا سایش و خاوەنی بۆمبی ئەتۆمیش بوو، بۆ ئێران گرنگبوو کە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵدا پەرەپێبدات (صادقی و لطفی، ١٣٩٤ ، ص٤٦) ، بەتایبەت کە لەو ساڵانەدا ئێران دەیویست لە کاریگەری چین لە ئەنجومەنی ئا سایش سوود وەربگرێت و لە مافی ڤیتۆی چین لە بەرانبەر گەمارۆکانی ئەمریکا بە قازانجی خۆی کەڵک وەربگرێت(صادقی و لطفی، ١٣٩٤ ، ص٤٩) .بەو پێیەی ئێرانیش ڕووبەرێکی فراوانەو نیوەی کەناراوەکانی لە کەنداودایە، کە نزیکەی لەسەدا شەستی نەوتی جیهان لەوێوە بەرهەمدەهێنرێت و بازرگانی پێوە دەکرێت، چین دەیویست پێگەی خۆی تێدا بەهێزبکات، هاوکات بۆ پەرەپێدانی ئابووریەکەی چاوی لە کەرتی نەوتی ئێران بوو، ئەمەش هۆکارێکی تری پتەوکردنی پەیوەندییەکانیان بوو، ئەگەرچی چین نەوتی خاوی هەبوو و لە ساڵانی هەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا یەکێک لە وڵاتانی هەناردەکاری نەوت بوو(متقی و قرەبیگی، ١٣٩٣ ، ص٧٠-٧١) ، بەڵام هاوبەشی گەورەی بازرگانی و کڕینی نەوت لە ئێران، ئێرانی کردە سێیەمین سەرچاوەی دابینکردنی نەوتی خاو بۆ چین(شیرخانی و احمدیان و دولت آباد ، ١٣٩٥، ص٢٨).

کێشەی تایوان خاڵێکی دیکەی گرنگپێدانی پەیوەندی نێوانیان بوو، ئێران لە پێناو بەرژەوەندیەکانیدا بە تەواوتی پشتگیری لە حکومەتی چین دەکرد، هاوکات چینیش لە پێناو پارا ستنی بەرژەوەندیەکانیدا لە بابەتە ناوخۆییەکانی ئێراندا پشتی ئەو وڵاتەی دەگرت(صادقی و لطفی، ١٣٩٤ ، ص٥٠) .

ڕایەڵێکی تری پەیوەندییەکانیان وابە ستەی ڕێگای ئاوریشم بوو، بەتایبەت کە ئێران پێگەی تایبەتی مێژوویی لەو ڕێگایەدا بووە. هەروەها چەندین هۆکاری تر(فراهانی، نیاز و فراهانی ، ١٤٠١، ص١٥٢ ) .

بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران بابەتێکی تری هاوکاری نێوان ئەو دوو وڵاتە بوو، لە هەشتاکاندا ئێران

توانیبووی پشتیوانی باش لە چینەوە بەدە ستبهێنیت، بە جۆرێک بەشێکی زۆری بەرنامەی ئەتۆمی ئێران لە لایەن چینیەکانەوە پشتگیری کرا و پەرەپێدرا(صادقی و لطفی، ١٣٩٤ ، ص٦٠). لە دوای ساڵی ١٩٨٥ ئێران بەرنامە ئەتۆمیەکەی خۆی چالاک کردەوە و بۆ یەکەمجاریش هانای بۆ وڵاتی چین برد، لە چەند ڕوویەکەوە چین هاوکاری ئێرانی کرد:

١) دابینکردنی کالۆترۆن (بۆ کەرتکردنی ئەتۆم) لە سالی ١٩٨٧.
٢) هاوکاریکردنی ئێران بۆ دۆزینەوەی یۆرانیۆم لە ساڵی ١٩٨٩.
٣) لێکتێگەیشتنامەی لە ساڵی ١٩٩٠ بۆ هاوکاری ئەتۆمی بۆ ماوەی دەساڵ.
٤) ڕێکەوتنی لی پینگ و ڕەفسەنجانی بۆ پەرەپێدانی بنکەی ئەتۆمی بوشەهر.
٥) دابینکردنی تەکنۆلۆژیای لەیزەر بۆ ئێران بۆ جیاکردنەوەی ئەتۆمەکانی یۆرانیۆم.
٦) دامەزراندنی ڕاکتۆرێک بۆ ئاوی قورس ٢٥ بۆ ٣٠ میگاواتی بۆ ئێران(صالحی و پیر سلامی ، ١٣٩٤، ص ١١٠).

چین لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ڕەچاوی بڕیارەکانی ئەمریکای دە ستپێکرد، بە تایبەتی پرۆگرامی ئەتۆمی و موشەکی، هێدی هێدی ئا ستی هاوکارییەکانی دابەزاند، بۆ ئەم مەبە ستە پشتگیری چەند بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی- نەتەوە یەکگرتووەکانی کردووە کە بە پاڵپشتی ئەمریکا لە دژی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران دەرچوون، بەڵام چین لە کەرتی بازرگانیدا لەگەڵ ئێراندا بەردەوام بوو و فراوانتریشی کرد (قنبرلو ، ١٣٨٩، ص ١٣١ ).

لە لایەکی دیکەوە پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ ئێراندا تەنها لەبەر قازانج و دەستکەوتی ئابووریی نەبوو، بەڵکو وەک کارتی فشار بەرامبەر ئەمریکا و ڕۆژئاوا بەکاریهێناوە، بە تایبەتی لە دۆسیەی تایوان و هەرێمی تبت، هەر کات ئەمریکا بە پێچەوانەی سیا سەتی چین هەڵسوکەوتی کردبێت ئەوا بەرنامەی ئەتۆمی ئێرانی وەک کارتی فشار بەکارهێناوە(قنبرلو ، ١٣٨٩، ص ١٣٥-١٣٦ ) .

چین لە ڕووی سیاسیەوە بە پێی بەرژەوەندییەکانی لە بەشێک لە ڕووداوەکاندا وەک ئەندامێکی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش و خاوەنی مافی ڤیتۆ چەند هەڵوێستیکی ئەرێنی بە قازانجی ئێران هەبووە، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٨٨ کاتێک هێزی دەریایی ئەمریکا فڕۆکەیەکی نەفەرهەڵگری ئێرانی بە ئامانج گرت، پەکین بە توندی سەرکۆنەی ئەم کردەوەی ئەمریکای کرد و داوای چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکای لە ئاوەکانی کەنداو کرد (دستگردی و دهکردی ،١٣٩٧، ص ٥) .

کاتێک ئێران لە ١٨ی تەمموزی ١٩٨٨ بڕیاری ٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی پەسەندکرد، چین پێشوازی لێکرد، جێگری وەزیری دەرەوەی چین لە مانگی ئابدا سەردانی تارانی کرد و پشتیوانی وڵاتەکەی بۆ بڕیارەکەی ئێران دەربڕی و جەختی لە ئامادەبوونی چین بۆ بەشداریکردن لە ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی ئابووری ئێران کرد. (Huwaidin, 2003,p164).

سەرکۆمار عەلی خامنەیی لە ئایاری ١٩٨٩ سەردانی چینی کرد، شەش ڕۆژ لە چین مایەوە، لە میانەی کۆبوونەوەیدا لەگەڵ سەرۆکی چین (یانگ شانگکون)، خامنەیی وتی: "ئێران بۆ بنیاتنانەوەی دوای جەنگ، هەوڵدەدات هاریکاری لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بکات کە هیچ یادەوەرییەکی ناخۆشیان لە

مێشکی ئێراندا بەجێنەهێشتووە"، وتیشی: "ئێمە دۆستایەتی و هاوکاریمان لەگەڵ چین هەڵبژاردووە و بۆ هاریکاری زیاتر لەگەڵ چین ئامادەین"

(Huwaidin, 2003,p164) ، دینگ شیاوپینگی دڵنیا کردەوە کە لە سیاسەتی دەرەوەیدا "ئێران پابەندە بە سیاسەتی نە ڕۆژهەڵات و نە ڕۆژئاوا"، ئەم لێدوانە دڵنیاکەرەوەیە دوای نیگەرانیەکانی چین هات کە ئێران بە ئاڕاستەی نزیکبونەوە لە یەکیەتی سۆڤیێت هەنگاودەنێت، بەتایبەتی ئەوکاتەی وەزیری دەرەوەی سۆڤیێت (ئیدوارد شێڤاردنادز) لە کۆتایی شوباتی ١٩٨٩ سەردانی تارانی کردبوو (Huwaidin, 2003,p164).

هەرچەند سیستمی حوکمڕانی و ئایدیۆلۆژی چین و ئێران جیاوازن، بەڵام بە هۆکاری دابینکردنی دراوی بیانی بە تایبەتی دۆلار بۆ پەرەپێدانی بەرنامە چاکسازییەکانی لە بوارە جیاوازەکاندا و بۆ کەمکردنەوەی شوێنەواری گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران، چین چاوی لە جیاوازیە ئایدۆلۆژییەکەی پۆشی و لە بەرانبەر ئەو تاوانانەی چین بەرانبەر بە کەمینەی مسوڵمان لە پارێزگای شین جیانگ بێدەنگی هەڵبژارد(شیرخانی و مهدی زاده ، ١٣٨٧، ص٢١٧) .

تەنانەت لە بەرامبەر ڕووداوەکانی گۆڕەپانی (تیانامین١٩٨٩ ) کە ژمارەیەک لە خوێندکارانی زانکۆ و خەڵکی مەدەنی کوژران، وەزیر دەرەوەی ئێران عەلی ئەکبەری ویلایەتی لە سەردانێکدا بۆ پەکین وتی: ئیمە لە دۆخی نەخوازراوی چین سەبارەت بە خۆپیشاندەران تێدەگەین و لە کاردانەوەی پەکین بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو دۆخە نەخوازراوە پشتیوانی دەکەین(شیرخانی و مهدی زاده ، ١٣٨٧، ص٢١٧) .

## باسی سێیەم:

## پەیوەندییە ئابوورییەکانی چین-ئێران ١٩٧٨-١٩٩٢:

لە درو ستبونی کۆماری میللی چینەوە پەیوەندییە سیا سیەکانی چین-ئێران گرژ و نا سەقامگیربوون، بەڵام پەیوەندییە ئابورییەکانیان لە پەرە سەندندا بوون. لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لەبەرانبەر پشتیوانی چین و سۆڤیەت لە پارتی تودەی ئێران، شا لە دژی مۆ سکۆ و پەکین پشتگیری ئەمریکای کرد، هەروەها ئێران دژی دانپێدانانی چین بوو لە نەتەوە یەکگرتووەکان و هەوڵی پەیوەندییەکی نزیکتری لەگەڵ حکومەتی تایوان دا، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییە بازرگانییە "نافەرمییەکان"ی نێوان هەردوو وڵات بەردەوام بوون، کۆی بەهای بازرگانی چین لەگەڵ ئێران لە ١٩٥٠-١٩٥٩ نزیکەی ٢.٥ ملیۆن دۆلار بووە بەهەمان شێوە لە ساڵانی شە ستەکانی سەدەی ڕابردوو سەرەڕای نەبوونی پەیوەندیی سیاسیی فەرمی لە نێوان هەردوو ووڵات ، پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوانیان بە بەراورد بە دەیەی پێشوو ٢٠ هێندە زیادی کردبوو. ( Dorraj and Currier, 2008,P68) .

دوای ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی هەردوولا لە ساڵی ١٩٧١، ئاماری بازرگانی ساڵی ١٩٧٢ بە بەراورد بە ساڵی ١٩٧١ شەش هێندە زیاتر بوو، ساڵی ١٩٧٣ دە هێندە لە ئامارەکانی ساڵی ١٩٧١ زیاتر بوو، ئامارەکانی ساڵی ١٩٧٨ نزیکەی ٢٠ هێندە زیاتر بوو لە ساڵی١٩٧١ ( Huwaidin,

(2003,p159دوای دامەزراندنی پەیوەندیە دیبلۆماسییەکان ،چین گرنگی بە پەیوەندیە بازرگانی و ئابوریەکان لە گەڵ ئێراندا، مە سەلەی ئابوریی لە ئەولەویەتی کارەکانی سیا سەتی دەرەوەی چین بوو(.Sehar, and Latif , 2020,p1048

لەگەڵ هاتنە سەر تەختی دەسەڵاتی دینگ شیاوپینگ و سیاسەتی دەرگای کراوە، ئابووری چین گەشەییپێدرا، ئەم گەشەسەندنە پێویستی چینی بە سەرچاوەی وزە زیاد کرد، هەرچەندە یەدەگی نەوت و گازی ناوخۆیی چین بەرێژەی ١٪ و٢٪ لە کۆی یەدەگی جیهانی بوو ( Dorraj and Currier, 2008,P70) . بێ گومان وزە گرنگترین لایەنی هاریکاری ئابوری وبازرگانی لە پەیوەندییەکانی چین و ئێرانی پێک دەهێنا .( Gentry,. 2005,p115)

چین بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٤ نەوتی ئێرانی کڕی و لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بڕەکەی بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد. لە کاتێکدا چین لە ساڵی ١٩٧٧دا ٣٠٠ هەزار تۆن نەوتی هاوردە کردووە، ئەم بڕە نەوتە گەیشتووەتە یەک ملیۆن تۆن (٢٥٠٠٠ بەرمیل لە ڕۆژێکدا) لە ساڵی ١٩٨٢، پاشان دوو ملیۆن تۆن (٤٠٠٠٠ بەرمیل لە ڕۆژێکدا) تا ساڵی ١٩٨٩-١٩٩٠ ,Dorraj and Currier 2008,P79) .

سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی لە ئێران و ناسەقامگیری سیاسی قەبارەی بازرگانی نێوان هەردوو وولاتی دابەزاند، بەجۆرێک لە ١١٨ ملیۆن دۆلارەوە لە ساڵی ١٩٧٨ بۆ ٦٨ ملیۆن دۆلار لە ساڵی ١٩٧٩ دابەزی(Dorraj and Currier, 2008,P69 ) ، بەڵام پاش سەرکەوتنی شۆڕش باڵیۆزی چین پاش چەند مانگێک بۆ پەرەپێدان و بەردەوامی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ (مەهدی بازرگان) سەرۆک وەزیرانی کۆماری ئیسلامی ئێران کۆبۆیەوە، لە هەمان ساڵدا مەهدی بازرگان سەردانی پەکینی کرد و دوو لێکتێگەیشتنیان لە بواری گەشەپێدانی بازرگانی واژۆ کرد(شیرخانی و مهدی زادە ، ١٣٨٧، ص٢١٤) .

کۆی هەنارده و هاوردەکانی چین لەگەڵ ئێران لە دوای ساڵی ١٩٨٠بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد، بازرگانی لە ٦٧.٩ ملیۆن دۆلارەوە لە ساڵی ١٩٧٩ بۆ ١٧٩ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لە ساڵی ١٩٨٠ بەرزبووەوە ، کە نزیکەی ١١١ ملیۆن دۆلار زیادی کرد، هەروەها کۆی گشتی بازرگانی نێوان چین و ئێران لە هەشتاکاندا گەیشتە ١،٦٢٧ ملیار دۆلاری ئەمریکی بە بەراورد بەوەی لە ساڵانی حەفتاکاندا تەنها ٦٢٧ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بوو (Huwaidin, 2003,p164-165)

لە ساڵی ١٩٨٢ عەلی ئەکبەر ویلایەتی وەزیری دەرەوەی ئێران سەردانی پەکینی و کرد و لە ساڵی ١٩٨٣ هاوتا چینیەکە سەردانی تارانی کرد، ئەم دوو سەردانە ڕۆڵی سەرەکیان لە پەرەپێدانی هاریکاری و پەرەسەندنی پەیوەندییە سیاسی و ئابووریەکان بینی، لە ماوەی سەردانی وەزیری دەرەوەی چین بۆ تاران لەسەر پێکهێنانی کۆمسیۆنێک بۆ پەرەپێدانی بواری ئابووری و بازرگانی ڕێککەوتن و یەکەمین دانیشتنیش لە سەر ئاستی پلەی وەزیران لە ساڵی ١٩٨٤ لە تاران ڕێکخرا و لە سەر ئاڵوگۆڕی بازرگانی بەبەهای زیاتر لە ٤٠٠ ملیۆن دۆلار ڕێککەوتن(شیرخانی و مهدی زادە ، ١٣٨٧، ص٢١٥). لە ئەنجامی ئەو سەردان و گرنگیدانە قەبارەی بازرگانیان زیادیکرد، بەجۆرێک ساڵی ١٩٨٣ ئاڵوگۆڕی بازرگانیان بە ٪ ١٥٠ گەیشت (Patricia and et al,2022,p124).

بەدرێژایی ساڵانی هەشتاکان چین جۆرەها کاڵای بەرهەمهێنراو و کەرەستەی خاوی وەک ئامێر و وایەری پۆڵا و بۆیە و جلوبەرگ و ماددەی کیمیایی و ئەلەمنیۆم و کەلوپەلی ماسیگرتن و کەشتی بۆ ئێران هەناردەکرد (Huwaidin, 2003,p165)

لە ئابی ١٩٨٦، غولام ڕەزا ئاقازادە، وەزیری نەوتی ئەو کاتەی ئێران سەردانی پەکینی کرد تا پاڵپشتی چین بۆ پرۆژەی جێگیرکردنی نرخ و ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە ئۆپێکدا بەدەست بهێنێت، ساڵی دواتر ڕێکەوتننامەی نەوتییان واژۆکرد و بڕیاردرا لە ماوەی ١٢ مانگی داهاتوو ئێران یەک ملیۆن تەن نەوتی خاو بە چین بفرۆشێت و هاوکاری لە بواری دۆزینەوەی نەوت گفتوگۆی لێوەکرا(شیرخانی و مهدی زاده ،١٣٨٧، ص٢١٦) .

هەر لەو ماوەیە چین لە دروستکردنی وێستگەی کارەبا، دامەزراوەکانی فڕۆکەخانە، هەڵکەندنی کەنار دەریا، درو ستکردنی بەنداوێک لە سەر ڕووباری کارۆم لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئێران، دامەزراندنی کارگەی دروستکردنی ئاوریشم و پیشەسازی سووک و بەرهەمی ماسی یارمەتی ئێرانی دا. چین ١٩ پرۆژەی لەگەڵ ئێران بە بەهای ٦٦،٧٤ملیۆن دۆلاری ئەمریکی واژۆکرد (Huwaidin, 2003,p165).

چین بۆ ئەوەی سەرنجی ئەمریکا لە سەر چەند دۆسیەیەکی ئا سیای ڕۆژهەڵات دوور بخاتەوە، لە دۆسیەی بەرنامەی ئەتۆمی ئێرانەوە لەگەڵ ئەو وڵاتەدا کەوتە گفتوگۆ و لە ساڵی ١٩٨٥ پەکین پێشوازی لە هاشمی ڕەفسەنجانی سەرۆکی ئەو کاتەی پەرلەمانی ئێران کرد (پیر سلامی ، ١٣٩٥، ص ١٧٣).

لە ساڵی ١٩٨٩ عەلی خامنەیی سەرۆک کۆماری ئێران سەردانی چینی کرد و دێنگ شیاوپینگی لە پابەندبوونی ئێران بە فراوانکردنی پەیوەندییە دۆ ستانەکانی نێوان هەردوو وڵات دڵنیاکردەوە ( Dorraj and Currier, 2008,P69-70).

ستراتیژی "چوونە دەرەوە" going-out هانی کۆمپانیا چینییەکانی دا وەبەرهێنان لە دەرەوە و بەتایبەتی لە ئێران بکەن، لێرەوە بەشدارییەکی کارایان لە پرۆژەکانی نەوت و گازی ئێران کرد (Shirzad, 2017,p.41).

وێڕای سیاسەتی کرانەوە و ڕیفۆرمی دینگ شیاوپینگ، سیاسەتی نوێی چین لە پەیوەندی نێوان تاران و پەکیندا کاریگەری خۆی هەبوو، ئێرانیش ڕوانگەی ئایدۆلۆژیایی هەبوو بۆ هەندێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕا ست و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، بەڵام سەبارەت بە چین ڕێچکەیەکی کەتواریی (واقعی) گرتەبەر(شیرخانی و مهدی زادە ، ١٣٨٧، ص٢١٤-٢١٥) . بەتایبەتی پەیوەندییە سەربازییەکانی نێوانیان لە ماوەی شەڕی عێراق ئێراندا، لە سەر بنەمای ڕێچکەیەکی کرداری بوو، کە دوو هۆکاری سەرەکی هەبوو: یەکەم؛ دابینکردنی پێداویستیی بەرگریی و جەنگ بوو، لەبەرئەوە زۆربەی پەیوەندییەکانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە بواری سەربازیدا بوو. دووەم؛ جۆری پەیوەندیی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتدا بوو، کە تارانی بەرەو (هێزی سییەم) ئاڕا ستەکرد ، لە سەرەتای نەوەدەکاندا پرۆ سەی ئاوەدانکردنەوە و نوێکردنەوەی سەربازیی و

ڕووبەرووبوونەوەی ئـابلۆقە و گوشـارەکانی واشـنتۆن، هێنـدەی تـر بە ئاڕا ستەی نزیکبـوونە لە چـین هەنگاوی دەنا(شیرخانی و مهدی زادە ، ١٣٨٧، ص٢١٥) .

ئێـران بـۆ چـین دەروازەی گەیشـتن بە ئاوەکـانی کەنـداو بـوو، هەروەهـا کریـدۆرێکی باشـی گواستنەوەی بۆری نەوت و گاز و ڕێگەی ئاسن بوو، بە تایبەتی هێڵی ئا سنی سەرخس چابهار کە لە باکور بـۆ باشـووری ئێـران درێژدەبێتەوە ، هەروەهـا لە کۆتـایی حەفتاکـانی سەدەی ڕابـردوو، دوای فەرامۆشکردنی چەندین سەدە بە شێوازێکی نوێ ڕێگای ئاوریشـم لە لایەن چینـەوە بـاس و خوا ستی لێـوە کـراو و لەم نێوەندەشـدا پـێگەی جوگرافیـای ئێـران گرنگـی تـایبەتی خـۆی هەبوو(شـیرخانی و احمديان و دولت آباد ، ١٣٩٥، ص٣٠).

چین بە بەراورد لەگەڵ بەریتانیا و ئەمریکا ئەکتەرێکـی نـوێی کەنـداو بـوو، نە وەک بەریتانیـا پێشینەی کۆلۆنیالیزم و نە وەک ئەمریکاش پێشینەی خۆ سەپاندن و جێکردنەوەی بەرژەوەنـدییەکانی هەبوو، بەڵکو چین بازاڕێکی گەورەی هەبوو و ئەو ناوچەیەش گرنگی تایبەتی لەوبارەوە هەبوو، بۆیە چەنـدین جـار لە هەشـتاکانی سەدەی ڕابـردوودا هەوڵیـدا جێـی خـۆی بکـاتەوە، بە تـایبەتی لەگەڵ ئێراندا(متقی و قرەبیگی، ١٣٩٣ ، ص٧١) .

جگە لە نەوت گازیش یەکێک لە سوتەمەنییە کەم خەرجی و گرنگەکان بوو، ئێرانیش یەکێک لە دەوڵەمەندترین وڵات، چین سەرمایەگوزاری مەزنی لەو بوارەدا خسـتەگەڕ(متقی و قرەبیگـی، ١٣٩٣ ، ص٧٧-٧٨). تەنـانەت سیا سەتی دەرەوە و دیپلۆمـاسی نەوت و گـازی چـین، لە سەر دوو کـۆڵەکە بونیاتنراوە کە یەکیکیان عەرەبستانی سعودیە و ئەوی دیکەش ئێرانە، ئەمە وایکردووە چین سێیەمین کڕیاری نەوتی ئێران بێت، لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو وەزیری نەوتی ئەوکاتی ئێران ڕایگەیانـد: بەم شـێوەیە بەردەوام بێـت، چـین دەبێـتە یەکەم کڕیـاری نەوتی ئێران(متقـی و قرەبیگـی، ١٣٩٣ ، ص٨٤).بەگشتی پەیوەندییەئابوورییەکانی تاران وپەکین لە هەشتاکانی سەدەی ڕابـردوودا زیـادیکرد. کە لەگەڵ گوشارە ئابورییەکانی ڕۆژئاوا و پێویستی ئێران بـۆ بەهێزکردنـی ژێرخـانی زیـان لێکەوتـوو بەهۆی شەڕی (عێراق- ئێران١٩٨٠-١٩٨٨ )و پێویستی باشترکردنی بارودۆخی ئابووریی هاوکات بـوو، قەبارەی بازرگانی هاوبەش لە (٨٢٦) ملیۆن دۆلارەوە بۆ (١،٦٢٧) ملیۆن دۆلار زیادیکرد ،پشکی چـین لەبازرگانی دەرەکی ئێراندا لە ساڵی ١٩٧٨ کەمتر لە (١٪) بوو، ئەم بـڕە لە ساڵی ١٩٩١ گەیشـتە (٢٪) (مەحمود ،٢٠٢٣، ل٦٠).

پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان ئێران و چین لە ساڵانی نەوەدەکـان باشـتر بـوون،تێکڕای ئـاڵو گۆڕی بازرگانی نێوانیـان لە ١٩٩٠ بـۆ ١٩٩٢ گەیشـتە ٣،٥٣٧ ملیـۆن دۆلاری ئەمریکـی، هەروەهـا لە تشرینی دووەمی ١٩٩١ سەبارەت بە دروستکردنی کارگەیەکی بەرهەمهێنانی مس لە ئێران بە توانـای بەرهەمهێنانی ساڵانەی دوو سەد هەزار تۆن و کارگەیەکی چیمەنتۆ کە توانای بەرهەمهێنانی ساڵانەی یەک ملیۆن تەن بوو ڕێکەوتن (Huwaidin, 2003,p171)..

لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکاندا، پێداویستییە نەوتییەکانی ئابووری چین بە خێرایـی گەشـە ی کرد و و بووە بە یەکێک لە گەورەترین هاوردەکارانی نەوت لە جیهاندا، بەم پێیە بۆ دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەی وزە ،کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران بوبەئامـانجێکی گرنگـی سیا سەتی دەرەوەی چـین.،لە

لایەکـی دیـکەوە ئێـران لەژێـر سیا ـسەتی چاکسـازی وگەڕان بەدوای ـسەرچاوەکانی وزە و ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی وێرانبووی سەردەمی دوای جەنگ ، بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئا سیا دەڕوانـی، کە لە چـاو ڕۆژئـاوادا چینـی بە هاوبەشـێکی گرنـگ دەزانـی (Rashida,2010,p135). دوای ئا سایی بونەوەی پەیوەندییەکانیان هەردولا هەوڵیاندا گەشە بە پەیوەندییە ئابوریی و بازرگانیەکانیان بـدەن، لەبەرئەوە قەبارەی بازرگانی هەردوو وولات ساڵانە زیادی دەکرد.پەیوەندی ئابووری چین و ئێران لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی ساردەوە بە خێرایی گەشەی کرد. لە ساڵی ١٩٩٠دا، بازرگانی دوولایەنە لە نێوان هەردوو وڵاتدا نزیکەی ٣١٤ ملیۆن دۆلار بووە( Gentry, 2005,p114 )

لە حوزەیرانی ١٩٩٢ ڕێککەوتنێک بۆ پێشخستنی پرۆژە هاوبەشەکان واژۆکرا، بەتایبەتی پـرۆژەی زینکی یەزد، پرۆژەی ئا سن، درو ستکردنی کـارگەیەکی تێکەڵکردنـی مـس بە توانـای ٥٠ هەزار تـۆن، ڕاهێنانی هێزی مرۆڤ، پرۆژەیەکی نوێ بۆ بەرهەمهێنانی کانزا چڕکراوەکـان، ئەلیکـترۆدی گرافیـک و ماددەی بەرگـری ئـاگر، لە بـواری جیۆلـۆجی، درو ستکردنی کـارگەیەکی بەرهەمهێنـانی چیمەنتـۆ لە دوورگەی قشم بە توانای ڕۆژانەی ٧٠٠ تەن. یاداشتنامەیەکیش لەسەر هاریکاری هێڵی شەمەندەفەر لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٢ واژۆکرا (Huwaidin, 2003,p171).

## باسی چوارەم:

## پەیوەندی تەکنۆلۆژی چین-ئێران ١٩٧٨-١٩٩٢:

ئێران کە لەسەرچاوەی تەکنۆلۆژیاو چەکسازیی ڕۆژئاوا دابڕابوو، بۆ دابینکردنی چەک بەتـایبەتی لە جەنگی ئێران-عێراقدا (١٩٨٠-١٩٨٨) بەدوای سەرچاوەی تردا دەگەڕا، لەم کاتەدا دینگ شیاو پینگ لە پێناو سەرخستنی بەرنامەی چاکسازیی وکرانەوە، لەڕێـگەی پیشە سازی سوپاوە، چەکـو چـوڵی بە هەرزان هەناردەی ئێران کـرد( Marybeth and et al,2012,p8 ). لەبەرئەوە لەو قۆنـاغەدا چیـن بە بەهای ٥ ملیار دۆلار گەورەترین دابینکەری چەکـی ئێـران بـوو(Shariatinia, no. 4 (2011),p 71) . بەتـایبەتی کە ئێـران لە ١٩٨٢-١٩٩١ بە بەهـای ٣٨٠٠ ملیـۆن دۆلار، لە جیهانـدا دووەم گەورەتـرین کڕیاری چەک بوو. دیارترین چەکەکان بریتی بوون لە: فڕۆکەی جۆری F-6 و F-7، تانکی جەنگی لە جۆری ٥٩، هەڵگری زرێپۆش لە جۆری ٥٠١، موشەکی زەوی-بۆ-ئاسمان، موشەک و موشەک هەڵدەرو موشەکی دژە کەشتی، تۆپخانە و تەقەمەنی (Huwaidin, 2003,p166).

شاندێکی ئێرانی لە مـانگی ئـازاری ساڵی ١٩٨٢ سەردانی پەکینیـان کـرد و ڕێککەوتنامەیەکیـان لەگەڵ حکومەتی پەکین واژۆکرد، بەپێی ئەم ڕێکەوتنە ئێران بەبڕی یەک ملیار و ٣٠٠ ملیۆن دۆلار چەک و تەقەمەنـی لە جـۆری تانـک و تفەنـگ و فـڕۆکە ی جەنگـی لە چـین کـڕی کە بڕیـار بـوو هەندێکیان لە ڕێگەی کۆریای باکوورەوە بگەنە ئێران(p51, Hannah, and Ehteshami, (2013 ,

هەروەهـا لە ساڵی ١٩٨٥ چـین ڕێککەوتنێکـی لەگەڵ ئێـران واژۆکـرد، کە سەرەتای ١٢ ساڵ هاوکـاری بەرچـاوی ئەتـۆمی بـوو. ئێـران هەوڵیـدا بەرنـامە ئەتـۆمییەکەی دە ستپێبکاتەوە (کە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ ڕاگیرابوو)، بەڵام پێشکەوتنێکی کەمی بەدەستهێنابوو، چـین بەدوای دەرفەتـدا دەگەڕا

بۆ ئەوەی سوودی بازرگانی لە توانا ئەتۆمییە سەربازییە بەرفراوانەکانی بەدە ستبهێنێت، لەبەرئەوە پابەندیی پەکین بە یارمەتی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران توخمێکی گرنگ بوو لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات( Marybeth and et al,2012,p25).

لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو پەکین لەڕوی چەندییەتی وچۆنیەتیەوە فرۆشی چەکی بۆ تاران بەرزکردەوە، بۆ نموونە لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٨٥دا، چین و ئێران لە ماوەی دوو ساڵدا گرێبەستێکی یەک ملیار دۆلارییان بۆ چەک و فڕۆکەی چینی واژۆ کردووە، ڕێکەوتنەکە فرۆشتنی دوانزە فڕۆکەی جەنگی ئێف-٦، دوو سەد تانکی T-59، چەکی دژە تانک، و موشەک هەڵگری گرتەوە.(Azad, 2017,p9)، هەروەها لە ماوەی ساڵی ١٩٨٦دا، فرۆشی چەکی چینی بە ئێران بریتی بوو لە: فڕۆکەی MIG-21 و١٨٠ تانک و جۆرەها موشەکیتر .( Hickey, (Spring, . p21) 1990),

هەر لەوساڵەدا چین بە گرێبەستێک موشەکی کرمی ئاوریشمی دژە کەشتی لە جۆری HY-2 بە ئێران فرۆشت، هەرچەندە چین جەختی لەوە کردەوە کە چەکی بە ئێران و عێراق نەفرۆشتووە، ئەمەش لە ڕووی تەکنیکییەوە ڕاستە، چونکە ئاڵوگۆڕەکان لە ڕێگەی لایەنی سێیەمەوە بوون، لەوانە هۆنگ کۆنگ و کۆریای باکوور، بەڵام لەڕووی دیپلۆماسیی چین دژی دە ستێوەردان بوو لە جەنگی عێراق- ئێران و داوای ڕێککەوتن و گفتوگۆی کرد، لە کاتێکدا بە نهێنی چەکی بۆ هەردوولا دابیندەکرد.

(Marybeth and et al,2012,p8 ). بەپێی بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا ، چینییەکان بەبەهای نزیکەی ١٢ ملیار دۆلار چەک و ئامێری سەربازییان بە وڵاتانی ناوچەی کەنداوی فارس بە درێژایی جەنگی ئێران-عێراق فرۆشت. لە ساڵی ١٩٨٠ تا ١٩٨٧ نزیکەی ٧٤%ی کۆی گشتی چەکی چین مامەڵە لەگەڵ ٦٩٪ی کۆی گشتی چەکەکانی بۆ جیهانی سێیەم دەکات، لە ئێران و عێراق کۆتایی هات (Grimmett, 1988,p23).

کۆتایی جەنگی عێراق و ئێران داهاتی چینی لە فرۆشتنی چەک لە ساڵانی نەوەدەکاندا دابەزاند، بەتایبەتی دوای سەپاندنی گەمارۆ بەسەر عێراقدا، بۆیە چین سەرنجی خستە سەر ئێران و وەک هاوبەشێکی شاراوە لە کەنداو مامەڵەی لەگەڵ کرد، چونکە:

١-ئێران سەرچاوەی وزە و وەبەرهێنانە.

٢-بازاڕێکی گەورە بوو بۆ کاڵای چینی.

٣- کڕینی چەکی چینی و تەکنۆلۆژیای سەربازی.

٤- ڕێگایەکە بۆ وەبەرهێنانی کۆمپانیا چینییەکان بۆ بەشداریی لە بنیاتنانەوەی ئێران.

٥- هاوپەیمانێکی شیاوە دژی "سیستەمی نوێی جیهانی" کە لەلایەن ئەمریکاوە زاڵە (Huwaidin, 2003,p167).

بەهەمان شێوە ئێرانیش لەسەرەتای نەوەدەکاندا کۆمەڵێ ئامانج و بەرژەوەندیی لەگەڵ چیندا هەبو، لەوانە:

١ - پاراستنی چەک و تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو و دابینکەری چەک.

٢- زیادکردنی هەناردەی نەوتی خاو و بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی.

٣- بەدەستهێنانی هەماهەنگی لەگەڵ چین لە بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشە سازی و ئابووری و تەکنۆلۆژیدا، کە چینییەکان پێشکەوتنێکی بەرچاویان بەدەستهێنابوو.

٤- بەهێزکردنی پەیوەندیی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی تێروانینی ئێرانیان سەبارەت بە "سیستەمی نوێی جیهانی" و دژایەتی زاڵبوونی ئەمەریکا هەیە (Huwaidin, 2003,p167).

لەم سەربەنەوە ساڵی١٩٨٩ چین بۆ دامەزراندنی کارگەیەکی مووشەکی لە شاری (شاهرود) بۆ بەرهەمهێنانی موشەکی جۆری SSM مەودای ٨٠٠ کیلۆمەتری و درو ستکردنی دامەزراوەی تاقیکردنەوەی مووشەک و قاعیدەی هەڵدانی مووشەک لە نزیک شاری سێمنان هاوکاری ئێرانی کرد). Marybeth and et al,2012,p36)

جگە لە فرۆشتنی چەک و چۆڵ بە ئێران لەسەروبەندی جەنگی ئێران عێراق دا ، حکومەتی چین لە ڕووی ووزەی ئەتۆمیەوە هاوکاری ئێرانی کرد.

چین یارمەتی ئێرانی دا بۆ دروستکردنی سەنتەری توێژینەوەی ناووکی ئێسفەهان کە لە ساڵی ١٩٨٤ کرایەوە. چینیەکان بەمەبە ستی چۆنیەتی پیتاندنی یۆرانیۆم مەشق و ڕاهێنانیان بە ئەندازیارەکانی سەنتەرەکە دەکرد ، هەروەها لە ساڵی ١٩٩٠ هەردولا ڕێکەوتننامەیەکیان سەبارەت بە هاریکاری ووزەی ئەتۆمی واژۆکرد (Andrew, and Nader،2016,p56)

دوای جەنگەکەش لەڕووی بەرهەمهێنانی ووزەی ئەتۆمیەوە چین هاوکاری ئێرانی کرد. ووزەی ئەتۆمی ئێرانی کرد. بۆ ئەم مەبەستە لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩١ شاندێکی ئێرانی سەردانی چینی کردو بەهەمان شێوە لە کانونی دووەمی هەمان ساڵدا وەفدێکی باڵای ئێرانی کە پێک هاتبوو لە سەرۆکی(مەجلیس ) پەرلەمان و هەروەها لە نیسانی ١٩٩٢ (عەلی ئەکبەر ویلایەتی) وەزیری دەرەوەی ئێران بەمەبە ستی هاریکاری ووزەی ئەتۆمی سەردانی چینی کرد ورێکەوتنامەیەکیان واژۆکرد(Hannah, and Ehteshami, 2013 ,p51 ).لە ڕێکەوتنەکەدا هاوکاری چین بۆ دیزاینکردن و درو ستکردن و بەڕێوەبردنی وێستگەکانی کارەبای ئەتۆمی ئێران دابینکرابوو، هەروەها لە بوارەکانی تری وەک توێژینەوە لە سەر ڕیاکتۆرەکان، گەڕان بەدوای کانزای یۆرانیۆم و هەڵگرتنی ، پاراستنی تیشکدانەوە و ئیکۆلۆژیی وزەمینەی هەماهەنگی گەڵاڵەکرا، چین جەختی لە هاوکاری ئێران لەڕووی وزەی ئەتۆمیەوە کردەوە (مەحمود، ٢٠٢٣، ل٨٦).

## باسی پێنجەم:

## پەیوەندییە کولتورییەکانی چین- ئێران ١٩٧٨-١٩٩٢:

نەرمە هێز ڕەگەزێکی گرنگی لە ستراتیژی چین پێکدەهێنا، کە کولتور یەکێکە لە پێکهێنەرە دیارەکانی هێزی نەرمی چین. دوای پرۆسەی ( ڕیفۆرم وکرانەوە١٩٧٨ ) لە چین بۆ پشتگیریکردن لە گەشەی ئابووریی کە وابەستەی هۆکارە دەرەکییەکانە ، بەکارهێنانی ئامرازەکانی هێزی نەرمی چینی زیاتربوو ، بەهۆی پێگەی ستراتیژیی ئێران چین ئامرازی جیاوازی هێزی نەرمی بۆ بەدە ستهێنانی

کاریگەریی لەو وولاتەدا بەکارهێناوە(مەحمود ،٢٠٢٣، ل١٠٠)..
هەرچەندە بە هاتنە کایەی سیستمی کۆمونیستی لەسەر دەستی ماو لە ساڵی ١٩٤٩ ئێرانیەکان لەبەر جیاوازی ئایدیۆلۆژیایی دانیان بە کۆماری میللی چیندا نەناو هیچ پەیوەندییەکی فەرمیان لەگەڵ چیندا نەبەست ،بەڵام دواتر لە سەردەمی دینگ شیاوپینگ ١٩٧٨-١٩٩٢و هاتنەکایەی دۆخی نوێ ڕێککەوتنێک بۆ ئاڵوگۆڕی کولتوری بە تایبەتی لە بواری فێربوونی زمانی چینی و فارسیدا لەگەڵ ئێران واژۆکرا، فەرەحی شاژنی ئێران و عەباس هوەیدای سەرۆک وەزیران سەردانی چینیان کردو لە لایەن سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتەوە پیشوازیکران، دواتر دوو لە خوشکەکانی شای ئێران سەردانی چینیان کرد(ملک زاده ، ١٣٩٥، صص٢٣٥- ٢٣٨)
لە سەردەمی دینگ شیاوپینگ لە چین، کە لە کۆتاییەکانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو تا سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، وڵاتەکە گۆڕانکاری ئابووری-کۆمەڵایەتی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی کە کاریگەری لەسەر بوارە کولتوورییەکانیش هەبوو. سیاسەتی دەرگای کراوەی دێنگ شیاوپینگ و چاکسازییە ئابوورییەکان بووە هۆی زیادبوونی بەشداریکردنی نێودەوڵەتی و ئاڵوگۆڕی کولتوری، ئەم قۆناغە جیابوونەوە بوو لە سیا سەتە گۆشەگیرییەکانی ساڵانی پێشوو،ئەو چاکسازییانە زیاتر ڕۆڵێکی گرنگیان لە زیندوکردنەوەی ئاڵوگۆڕە کولتورییەکان بینی ، هاووڵاتیانی چینی بۆ خوێندن و گەشتیاری گەشتیان بۆ دەرەوەی وڵات دەکرد و بەهەمان شێوەش ڕێگە دەدرا بە بیانییەکان بۆ هەمان مەبەست سەردانی چین بکەن (Xiong,2023,p67 )
لەم چوارچێوەیە دا چین هەوڵیدا لە کایەکانی وەک: فێربوونی زمان، سینەما ئەنیمەیشن، پێدانی کورسی خوێندن و ناردنی خوێندکاری زانکۆ لە لایەن هەر دوو وڵاتەوە و ئا سانکاری بۆ دامەزراوە زانستیەکان و تەنانەت دانانی چەند شارۆچکەیەکی زانست سەنتەر هاوکاری لەگەڵ ئێراندا بکات(فراهانی و دیگران ، ١٤٠١، ص١٧٦ ) .
لە سەرەتای ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لە ساڵی ١٩٧٩، لە ڕووی کولتورییەوە چین بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران کەڵکی لە ئەندامانی کۆمەڵەی ئیسلامی چین وەرگرت، چەندین شاندی ئیسلامی ڕەوانەی ئێران کران و لەگەڵ سەرکردە باڵاکانی ئێران کۆبونەوە (Huwaidin, 2003,p160)..
لە هەشتاکانیشدا پەیوەندییە کولتورییەکان گەشەیان پێدرا، لەروی ئاڵوگۆڕی خوێندکاران، بەرنامەکانی سکۆلەرشیپ و گەڕان، زیادبوونی چالاکییە هونەریەکان و ئا سانکاری لە مەرجەکانی ڤیزە بۆ گەشتیاران برەوی پێدرا، هەروەها هەماهەنگی هونەریی و بەرنامەی ڕاهێنانی هاوبەشیان لە بواری ماسیگرتن و گەشتیاریی و شوێنەوارناسی و بوارە جۆراوجۆرەکانی وەرزش پەرەپێدا، لە نیسانی ١٩٨٩ یەکەم شاندی ژنانی ئێرانی لە دوای شۆڕشەوە سەردانی چینیان کرد، چەندین شاندی ئاینیش لەنێوان هەردوو وڵاتدا گەشتیانکرد (Huwaidin, 2003,p164-165).
لەم چوارچێوەیەدا، بەڕێوەچوونی چەندین بۆنەی کولتوریی و هونەری هەمەلایەنە لە شارە جیاوازەکانی وەک: پەکین، ووهان و شەنگەهای بە ئامادەبوونی هونەرمەندانی ئێرانی و سازدانی پێشانگای جۆراوجۆری کەلتوریی، هونەریی، کاری دە ستی، کتێب، ...هتد لە شارەکانی پەکین،

تیانجین، یینچوان، چۆنگچینگ، یونان، شیان و هتد بەڕێوەچوون، هەروەها ئێرانیەکان لە پێشانگای هونەری و ڕۆشنبیریی و ڤیستیڤاڵی قورئانخوێندن لە چین کە لەلایەن چینییەکانەوە ڕێکخرابوون بەشداریی چالاکانەیان هەبوو، هەروەها گرنگیەکی زۆر بە کاری وەرگێڕانی کتێبەکان دران(روشن چشم و دیگران ، ٢٠١٨، ص١٣٨) .

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی پەیوەندیە کولتورییەکانی چین و ئێران گرنگی دان بە شارەزابونی زمانی یەکتری بوو ، بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی خوێندنی باڵای چین لە زانکۆ و پەیمانگەکاندا بەشی زمانی فارسی کردەوە، هەروەها لەزانکۆی تارانیش دوو لقی ( پەیمانگای کۆنفۆشیۆسی ) بۆ فێربونی زمانی چینی کردەوە ، بەهەمان شێوە لە ناوەندە ئەکادیمیەکانی ئێرانیش گرنگیەکی زۆر بە فێربونی زمانی چینی درا(Zoubir,2023,p22). بەهۆی گرنگی ئێران و ڕۆڵی لە ناوچەکەو پێگە نێو دەوڵەتییەکەی ، حکومەتی چین ساڵی ١٩٨٥ سەنتەری توێژینەوەی زانکۆی شینان بۆ لێکۆڵینەوە لە ئێران )لەلایەن دوو زانای شارەزا لە ئێرانناسیدا کردەوە(Helmy , 2013,p19 )

چین و ئێران لە ڕێگەی گەشتیاری و ئاڵوگۆڕی پەروەردەیی و کولتورییەوە پەرەیان بە پەیوەندیی خەڵک لەگەڵ خەڵک بۆ چە سپاندن و بەهێزکردنی پەیوەندییە دۆ ستانیەکانیان دا، لە ساڵی ١٩٩١ ڕێکەوتنێکی هاوبەش لە بوارەکانی کولتوری وزانستی وتەکنیکی لەنێوانیاندا واژۆکرا( Hameed , 2010,p146 ) .ئاڵوگۆڕی کولتوری نێوان چین و ئێران قۆناغێکی گۆڕانکاری بوو کەئاڵەنگارییە جیۆپۆلیتیکییەکانی تێپەڕاند و تێگەیشتنێکی قووڵتری لەنێوانیان بەهێز کرد. ئاڵوگۆڕە پەروەردەیی و هونەری و دیپلۆماسییەکان کە لەم ماوەیەدا ئەنجام دراون نەک تەنها پێکهاتەی کولتوری هەردوو نەتەوەی دەوڵەمەند کرد ، بەڵکو پەیوەندییەکی بەردەوامیشیان درو ستکردووە ، لە سەردەمی هاوچەرخدا بەردەوام کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییەکانیان هەبووە.(Yellinek, 2022,pp11-14 )

مەسەلەی ئاڵوگۆڕی کولتوری بووە ئامرازێک بۆ پتە وکردنی پە یوە ندییە کانی نێوان چین و ئێران. چین دانیشتوانە موسڵمانەکەی خۆی وەک ئامرازێک لە دروستکردنی پەیوەندی ڕۆحی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەکارهێنا هەردولا گرنگیان بە کارئاسانی گەشتیار و وەفدە کلتوریەکانی یەکتری دەدا(Gentry, 2005,p123 ) .

بەگشتی لە مێژووی پەیوەندیە دیپلۆما سیەکانی نێوان چین و ئێراندا، دەبینین کە بەردەوام ئاڵوگۆڕی کولتوور، ئایین، بازرگانی، هونەر، زانست و تەکنۆلۆژیا لەلایەن هەردولاوە گەشەی پێدراوە ، هەردو وولات پرۆژەی هێزی خۆیان لە ڕێگەی کارلێکی کولتوورییەوە داڕشتووە و بەم شێوەیە ڕێگایان بۆ هاوکاری و دۆ ستایەتییان لە پەیوەندیەکانیاندا خۆش کردووە ,(Jun & Lei, (2010) p42),

## ئەنجام

١ -لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٨ تـا ١٩٩٢، چین و ئێـران پەرە سەندنێکی بەرچاویـان لە پەیوەنـدییە دووقۆڵییەکانیاندا ئەزمـوون کـرد، بەهـۆی بەرژەوەنـدییە جیۆپـۆلەتیکییە هاوبەشـەکان، پەیوەنـدییە دیپلۆما سییەکانی نێـوان هەردولا گەشـەی پێـدرا. چـین، لە دوای دە ستپێکی سیا سەتی چاکسـازی وکـرانەوە ، ئامـانجی هەمەچەشـنکردنی پەیوەنـدیە دیپلۆما سییەکان و بەرزکـردنەوەی ڕۆڵ وکاریگەرییەکـانی لە سەر ئا ستی جیهـانی بـوو، هەروەهـا چـین بۆسەرخسـتنی بەرنـامە چاکسـازیە ئابوریەکەی پێویستیەکی زۆری بە سەرچاوەی ووزەی ئێران بوو.

هاوکات ئێران کە لە ساڵی ١٩٧٩دا لەگەڵ ئاستەنگە ناوچەییەکـان و دەرەنجامەکـانی شۆڕشـی گەلانی ئێراندا بەرەوڕوو بووەوە، بـۆ بەرپەرچـدانەوەی فشـارە دەرەکییەکـان بەدوای هـاوپەیمانێکی نوێ ی نێودەوڵەتیدا دەگەڕا. لە و ماوەیەدا چین و ئێران خاڵی هاوبەشیان لە بەرژەوەندی ئـابووری و سیاسی و ستراتیژی هاوبەشدا دۆزیەوە.

٢- پەیوەندییەکانی نێوان چین و ئێران لەم مـاوەیەدا بـووە هـۆی زیـادبوونی هاریکـاری وئـاڵو گۆڕی بازرگانی و کولتوری وتەکنەلۆژیا وبەرگری . بە گشتی پەیوەندییەکانی چین و ئێـران لە ساڵی ١٩٧٨ تا ١٩٩٢ نموونەی قۆناغێکی گرنگی دیپلۆماسی و پشتیوانی یەکترن، کە بناغەی بەشـداریکردنی قووڵتر لە ساڵانی دواتردا دادەنێت.

٣- سەرەڕای پەرە سەندنی پەیوەنـدییەکانی چـین و ئێـران لە مـاوەی ساڵانی ١٩٧٨ تـا ١٩٩٢، چەندین فاکتەر بوونە هـۆی بەربە ست لە بەدیهێنـانی تەواوی توانا دیپلۆما سییەکانیان. یەکێـک لە ئاڵەنگارییە بەرچاوەکان، پەرەسەندنی جەنگی سارد بـوو، چـونکە هەردوو چـین و ئێـران خۆیـان لە ناوەڕاستی ڕکابەرییە جیۆپۆلەتیکییە جیهانییەکاندا بینیەوە.

بەربەستێکی دیکە لە ئاڵۆزییەکانی جیۆپۆلەتیکی ناوچەییەوە سەریهەڵدا. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناوچەیەک کە بۆ ئێران بایەخی سەرەکی هەبوو، بە دینامیکی دەسەڵاتی ئاڵۆز و ململانێی لەمێژینەدا دیار بوو. ڕۆڵی ئێران وەک یاریزانێکی سەرەکی لە ناوچەکەدا زۆرجار لەگەڵ هەڵوێستـی دیپلۆما سی چین لە دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی گەلانی دیکەدا پێکنەدەهاتەوە ، شـەڕی ئێـران و عێـراق کە بەشێکی زۆری هەشتاکانی سەدەی ڕابردووی گرتەوە، دۆخەکەی زیاتر ئاڵۆزتر کـرد، چـونکە چـین ناچار بوو هاوسەنگی لە نێـوان پەیوەنـدییەکانی لەگەڵ هەردوو ئێـران و عێراقـدا درو ست بکـات و خۆی لە لایەنگری لە ململانێکان بەدوور بگرێت

ئەم ئـاڵۆزییە ناوچەییـانە لەم مـاوەیەدا بەربە ستێکی بەرچاویـان لەبەردەم پەرەپێـدانی پەیوەندییەکی بێ کێشە لەنێوان چین و ئێران دروستکرد.

٤-بەگشتی سروشتی پەیوەندیەکانی نێوان چین و ئێران لە نێوان ساڵانی ١٩٧٨ و ١٩٩٢دا لەسەر بنەمای پەیوەندییەکی پراگماتیکی پەرەی سەندووە و هەنـدێک جـاریش بە هـۆی ئـاڵۆزی فـاکتەرە جیۆپۆلەتیکی، ئـابووری و ستراتیژییەکانەوە بەرزو نزمـی پێـوە دیـار بـووە، هەردوو نەتەوە لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە جیاوازن، بەڵام بەرژەوەندییەکی هاوبەشیان لە بەرەنگاربوونەوەی کاریگەریی ڕۆژئاوا و پەرەپێـدانی هاریکـاری ئابووریـدا هەبـوو، هەروەهـا سەرەڕای جیـاوازی لە سیسـتەمی سیا سیدا، سروشتی پراگماتیکی پەیوەنـدییەکە ڕێـگەی بە هەردوو وڵات دا کە ئامـانجی هاوبەشـی ئـابووری و ستراتیجی پەیرەو بکەن.

## سەرچاوەکان

**یەکەم - سەرچاوەی کوردی:**

١. مەحمود ،هۆشمەند عطا (٢٠٢٣): ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پەیوەندییەکانی چین و وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ( ١٩٩٣-٢٠١٣) ئێران وعیراق وەک نمونە ، تێزی دکتۆرا ( بڵاو نەکراوە )، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، بەشێ مێژوو.

**دووەم - سەرچاوەی فارسی:**

٢. الهام ملک زاده(پاییز و زمستان ١٣٩٥):، روایت اسنادی روابط فرهنگی ایران و چین در دوره پهلوی، فصلنامەی تاریخ روابط خارجی، دوره ١٧، شماره پیاپی ٦٨ و ٦٩.

٣. پورنجفی ،وجیهه سادات ، شهروز شریعتی(پاییز ١٣٩٤): طرفیت استراتژیک ایران در دکترین خیزش صلح امیز چین، فصلنامه ژئوپلتیک، سال یازدهم، شماره سوم .

٤. خانی ،الهام حسین خانی و رضا شیرزادی(٢٠٠٩): مدیریت جهانی شدن: مطالعه موردی چین در سالهای (١٩٩٠-٢٠٠٨)، فصلنامەی تخصصی علوم سیاسی، شماره نهم .

٥. دستگردی ،زهرا وجدی و حسین صالحیان دهکردی(١٣٩٧): بررسی حضور چین در خلیج فارس از منظر سیاسی و اقتصادی با تاکید بر روابط چین و ایران، وجدی دستگردی، همایش جامعه علمی ایرانیان مقیم چین، بررسی فرایندها و دستاوردهای توسعه در چین،

٦. روشن چشم, حامد, محسن دیانت, عادل خانی, و عادل(٢٠١٨): "تبیین جایگاه فرهنگ در روابط ایران و چین." فصلنامه مطالعات سیاسی ١٠, شماره٣٨.

٧. سلطانی ،علیرضا ، حسن سلیمانی(خرداد ١٣٩٣): جایگاه نظام رهبری چین در تداوم فرایند توسعه در عرصەی داخلی و بین المللی از سال ١٩٧٩ تا اکنون، پژوهشنامەی روابط بین الملل، دورەی ٧، شماره ٢، دوره ٣٨، شماره٤،

٨. شریعتی نیا ،محسن (بهار ١٣٩٩): روابط فرهنگی ایران و چین، گذار از مثلث رمانتیک به پیوند پایدار، فصلنامەی علمی رهیافتهای سیاسی و بین المللی، دوره ١١، شماره٣ (پیاپی٦١)،

٩. شیرخانی ،محمدعلی و بهرام امیراحمدیان و روح اله صالحی دولت آباد(اسفند ١٣٩٥): ابتکار جاده ابریشم جدید چین (اهداف، موانع و چالشها)، دوره ٩، شماره ٣٦.

١٠. شیرخانی، محمدعلی ،اکبر مهدی زاده (زمستان١٣٨٧): عملگرایی در سیاست خارجی و گسترش روابط اقتصادی ایران و چین (١٩٩٩- ١٩٧٩)، فصلنامەی سیاست، مجلەی دانشکدەی حقوق و علوم سیاسی، دوره ٣٨، شماره٤.

١١. صادقی، سید شمس الدین ، کامران لطفی(تابستان ١٣٩٤): تحلیل ماهیت همکاری روابط جمهوری اسلامی ایران و چین (١٣٩٤-١٣٦٨)، فصلنامه روابط خارجی، سال هفتم، شماره دوم،

١٢. صالحی ،سید جواد ، فریبرز ارغوانی پیرسلامی(بهار ١٣٩٤): سیاست کنش متوازن چین و برنامەی هستەای ایران، فصلنامەی علمی پژوهشی سیاست جهانی، دوره چهارم، شماره اول.

١٣. فراهانی, اسماعیل نوده و دیگران ( ١٤٠١) : ایران چین افق گشایی کمربند-راه، فصلنامه مطالعات راهبردی فرهنگ، دوره ٢، شماره ١، خرداد .

١٤. قنبرلو ،عبداله (تابستان ١٣٨٩): مناسبات اقتصادی امریکا- چین و اثار أن بر امنیت ملی ایران، فصلنامەی مطالعات راهبردی، سال سیزدهم، شماره دوم.

١٥. متقی ، افشین ، مصیب قرەبیگی(بهار وتابستان ١٣٩٣): جایگاه استراتژیک خلیج فارس در سیاست خارجی چین، پژوهشنامەی سیاست بین الملل، سال دوم، شماره دوم،

**سێیەم - سەرچاوەی ئینگلیزی:**

**16.** Azad, Shirzad(2017:)Iran and China: A new approach to their bilateral

relations,Lanham, Rowman & Littlefield.

17. Carter, H. and Ehteshami, A. eds., (2004): The Middle East's Relations with Asia and Russia,London, RoutledgeCurzon.
18. Davis,et al (2012):China-Iran: A limited partnership. US-China Economic and Security Review Commission,united States, CENTRA Technology, Inc.
19. Hickey ,Dennis van Vranken (1990): Asian Affairs: An American Review, Taylor & Francis, Ltd.,vol.17.No 1.
20. Gentry, J.B.( 2005):The Dragon and the Magi: Burgeoning Sino-Iranian relations in the 21st century. In The China and Eurasia Forum Quarterly (Vol. 3, No. 3, pp. 114-115).
21. Hameed, R., (2010): Sino-Iran Relations Current Developments and Future Scenario. Policy perspectives.
22. Huwaidin, Mohamed Bin(2002): China's Relations with Arabia and the Gulf 1949-1999,USA, Routledge.
23. Liu, J. and Wu, L.( 2010) :Key issues in China-Iran relations. Journal of Middle Eastern and Islamic Studies (in Asia), 4(1).
24. Dorraj, M. and Currier, C.L.( 2008):Lubricated with oil: Iran-China relations in a changing world. Middle East Policy, 15(2).
25. Helmy Nadia(Fall 2013): Chinese Scholarship on Iran and the Middle East,Iranian Review of Foreign Affairs, Vol. 4, No. 3.
26. Patricia et al(2022):"Circumventing Sanctions: The Impact of Sino-Iranian Relations On Iran Within The Middle-East Power Constellation (Case Study of Iran-Israel Proxy War in Syria)," Jurnal Sentris 3, no. 2.
27. Grimmett ,Richard F(May 9, 1988): CRS Report for Congress: Trends in Conventional Arms Transfers to the Third World by Major Supplier, 1980–1987 (Washington, DC: Congressional Research Service, Library of Congress.
28. Shariatinia, Mohsen.( 2011): Iran-China Relations: An overview of critical factors. Iranian Review of Foreign Affairs, 1(4), pp.57-85.
29. Sabir, Sehar, and Muhammad Ijaz Latif (2020): "Sino-Iranian Strategic Partnership: Prospects and Challenges." Journal of Business and Social Review in Emerging Economies 6, no. 3
30. Scobell, A. and Nader, A (2016):China in the Middle East: The wary dragon. RAND corporation.
31. Xiong, Q. (2023): International Exchanges and Cultural Communication in Chinese History. Lecture Notes on History, 5(1).
32. Yellinek, R., (2022). Soft power and SPPD in China Iran relationship. Journal of Balkan and Near Eastern Studies, 24(5).
33. Zoubir, Y.H. ed.(2023) :Routledge Companion to China and the Middle East and North Africa. Taylor & Francis.
34. Harlod, Scott & NaderAlireza(2012):china and Iran,Economic,Political,and Military Relations,occasional paper,Center for Middle East Public policy ,International programe at RAND ,RAND cooperation .